ڤلاديمير ئيليتش لينين

# ((کێ لەوە سوود وەردەگرێ؟))

ئەمە دەربڕینێکی لاتینییە(cui prodest)، واتە((کێ لەوە سوود وەردەگرێ)). کاتێ دەستبەجێ دەرناکەوێ چ کۆمەڵە یان هێزو کەسایەتی سیاسیی یان کۆمەڵایەتی بەرگری لە پێشنیار یان چارەسەرێکی دیاریکراو یا دژەکانیان دەکەن، دەبێ هەمیشە ئەم پرسیارە بکرێ: ((کێ لەوە سوود وەردەگرێ؟)).

زۆر گرنگ نییە بزانرێ کێ ڕاستەوخۆ بەرگری لە سیاسەتێکی دیاریکراو دەکات، چونکە لەسایەی سیستێمی سەرمایەداری خانەدان و هاوچەرخدا، هەر دەوڵەمەندێك، هەمیشە دەتوانێ، بۆ بەرگری لە تێڕوانینە جۆربەجۆرەکانی، هەر ژمارەیەکی خوازیار لە پارێزەر، نووسەر، و تەنانەت پەرلەمینتار، پرۆفیسۆر و پیاوانی ئاین و هاوچەشنەکانیان، بۆ خۆی بە((کرێ بگرێ))، بیانکرێ یان بۆ خۆی ڕابکێشێ.

ئێمە لە کاتێکی بازرگانیدا دەژێین، بۆرژوازی ناسلەمێتەوە لەوەی پێکەوە بازرگانی بە شەرەف و ویژدان بکا. نەزانی وایش هەن، بە پاڵپشتی گەمژەیی یان ڕاهاتنی کوێرانە، بەرگری لە تێڕوانینە باوەکانی ناو ژینگەی بۆرژوازی دیاریکراودا، دەکەن.

نەخێر، لە سیاسەتدا زۆر گرنگ نییە بزانرێ کێ ڕاستەوخۆ بەرگری لە تێڕوانینێکی دیاریکراودا دەکات. گرنگ ئەوەیە بزانرێ کێ لە تێڕوانین، پێشنیارو چارەسەرەکان، سوودوەردەگرێ.

بۆ نموونە، ((ئۆروپا))، ئەو دەوڵەتانە کە ناوی خۆیانیان ناوە، دەوڵەتانی((شارستانی)) هەڵدەستن بە پێشبڕکێی بەربەستی هاروهاژانە لە پێناو پڕچەککردن و بەهەزاران شێوە، لە هەزاران ڕۆژنامە و هەزاران سەکۆ هاوارو قیژەی نیشتمانپەروەری، ڕۆشنبیری، نیشتمان، ئاشتی، پێشکەوتن دەکەن. هەموو ئەو کارانە بۆ بیانووهێنانەوەیە بۆ خەرجکردنی نوێی دەیان و سەدان ملیون ڕۆبل بەسەر درووستکردنی چەکە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵکوژی، بۆمبهاوێژو نوێترین مۆدێلی زرێپۆش و ئەوانی تر.

ئەی جەماوەری ڕێزدار! دەمەوێ لەبارەی هەموو ڕستەکانی ئەو ((نیشتیمانپەروەرانە))بڵێم: بڕوا بەو دێڕانە نەکەن، باشترێکە بڕوانن: کێ سوود لەوە وەردەگرێ!

پێش ماوەیەك شەرکەتی بەریتانی بەناوبانگ((ئەرمسترونغ و ویتفرس و شەریکەکانیان) ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بڵاوکردووە. ئەم شەرکەتە بە شێوەیەکی سەرەکی کەرەستەی پڕچەکردنی جۆربەجۆر بەرهەمدەهێنێ. حیسابەکەی بە 877 هەزار جونەی ستەرلینی دیاریکراوە، ولاتە نزیکەی8ملیون ڕۆبل کە قازانجەکەی دەگاتە 1/2 12%!! و نزیکەی 900000ڕۆبل بۆ سەرمایەی یەدەك گواستراوەتەوە و هەروا بەو شێوەیە...

جا، ئەو ملیونان و ملیاردانەی لە کرێکاران و جووتیاراندا دزراوە لەپێناو پڕچەکدارکردن بۆ کوێ دەچن؟ ئەو قازانجەکەی 1/2 12% واتە دووبەرابەرکردنی سەرمایە لە ماوەی8ساڵ، بە مەرجێ لەم حیسابەدا ئاماژە بۆ پاداشتە جۆربەجۆرەکانی بەڕێوەبەران، نەکراوە. شەرکەتی ارمسترۆنغ لە بەریتانیا، کروب لە ئەڵمانیا، کریزو لە فەرەنسا و کوکیرل لە بەلژیکا، ئایا ژمارەی ئەم جۆرە شەرکەتانە لە وەڵاتە((شارستانییەکان))چەندە؟ و هەزاران کڕیار و فرۆشیارەکانیان.

جا کێ سوودمەند دەبێ لە زلکردنی شۆفینیزم و فرەبێژی لەبارەی((نیشتمانپەروەری))–نیشتمانپەروەرێتی بۆمبهاوێژەکان-و لەبارەی بەرگری لە ڕۆشنبیری(بە کەرەستەی قەڵاچووکردنی ڕۆشنبیری) و هەروەها...!

لە پراڤدا، ژمارەی84، 1912/4/11

سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم